# گیرانی نایاسایی لە ئێراق دا ڕاگرن

## وەلید یونس ئەحمەد
## ئێراق

AMNESTY INTERNATIONAL

# ئێستا هیمەت بکە

نامەیەکی بەڕێزانە بۆ سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بنووسە و تێیدا:

- داوا بکە کە وەلید یونس ئەحمەد یان بە تاوانێکی ناسراو تاوانبار بکرێت و لە زووترین کات دا بدرێتە دادگا و گارانتی دادگایەکی عادڵانەی بدرێتێ یان بە بێ هێچ شەرتێک و لە زووترین کات دا ئازاد بکرێت.
- داوا بکە کە هەموو ئەو گیراوانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆرە ڕاگیراون بە تاوانێکی ناسراو تاوانبار بکرێن و عادڵانە دادگاییەکی بکرێن یان لە زووترین کات دا ئازاد بکرێن
- داوا بکە کە بارودۆخی ناو زیندانەکان وای لێ بکرێت کە لەگەڵ ئیستاندارده نێونەتەوەییەکان دا یەک بگرێتەوە و هەر زیندانیەک کە دەڵێت ئەشکەنجە و ئازار دراوە لە لایەن دوکتورێکی سەربەخۆوە تاقی بکرێتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و تەواو و بێ لایەنانە لە سەر ئەو ئیدیعایانە بکرێت

**نامەکەت بنێرە بۆ:**

His Excellency
Dr Barham Salih
Prime Minister
Kurdistan Regional Government
Erbil
Republic of Iraq

ئیمەیل: erbil@rp.krg.org

وێنە: وەلید یونس ئەحمەد

Amnesty International
International Secretariat
Peter Benenson House
1 Easton Street
London WC1X 0DW
United Kingdom

www.amnesty.org
سێپتەمبەری 2010
ژمارە: م د د 14/009/2010

AMNESTY INTERNATIONAL

# گیرانی نایاسایی لە هەرێمی کوردستانی ئێراق دا ڕاگرن

## ”من بۆ ماوەی دە ساڵە کە منداڵەکانم نەبینیوە؛ نەمویستووە کە من لەم بارودۆخە زۆر خراپە دا ببینن.“

وەلید یونس ئەحمەد

وەلید یونس ئەحمەد بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵان بە بێ تاوانبار کران یان دادگایی کردن لە زیندان دا ڕاگیردراوە. ئەو لە ڕێکەوتی 6 فوریەی 2000دا لە شاری هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستانی ئێراق، لە لایەن ئاسایشەوە، پولیسی پاراستنی کوردستان، گیراوە. بۆ ماوەی سێ ساڵ پاش گیرانەکەی، بنەماڵەکەی نەیاندەزانی کە لە کوێیە و داخۆ ماوە یان مردووە.

لە ماوەی بێ سەر و شوێن کردنی بە زۆری، وەلید یونس ئەحمەد ئەشکەنجە کرا. پاش ئەوەی کە بۆ دژ کردەوە نیشان دان بە دژی گیران و ئەشکەنجە درانی دەستی کرد بە مان گرتنی خواردن، گواسترایەوە بۆ بەندی تاکە کەسی. پاشان لەم زیندان بۆ زیندانی دیکە بە بێ هیچ ڕوون کردنەوەیەک گواسترایەوە. ئەو ئێستا لە ئاسایشی گشتی لە شاری هەولێر ڕاگیردراوە.

وەلید یونس ئەحمەد لە کەمایەتی تورکمانی ئێراقە. پێش ئەوەی کە بگیردرێت وەک وەرگێڕ و بەرنامە ڕێکخەر کاری بۆ ڕادیۆ و تەلەویزیونێکی ناوچەیی سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کە ئۆپۆزیسیۆنێکی ئیسلامیە دەکرد. ماوەیەکی کورت پێش گیرانەکەی لە




کۆبوونەوەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دا بەشداری کرد بوو. پاشان بە سەیارەیەک دەبردرایەوە بۆ ماڵ کە لە لایەن پۆلیسەوە ڕاگیردرا و پشکێندرا. دەگوترێت کە پۆلیس هێندێک کەرەستەی تەقینەوەی لە ناو سەیارەکەدا دۆزیەوە و وەلید یونس ئەحمەدیان دەست بە سەر کرد کە دەڵێت هیچ زانیاریەکی لە سەر ئەو کەرەستەی تەقینەوانە نەبووە. هەروەها شۆفێری سەیارەکەش دەست بە سەر کرا بەڵام پاش سێ مانگان ئازاد کرا.

دەسەڵاتدارانی کورد دەڵێن کە ئەوان ناتوانن وەلید یونس ئەحمەد ببەنە دادگا چونکە یاسای دژی تێرۆر شەش ساڵ پاش گیرانی ئەو پەسند کراوە و یاسای تاوانی ئێراقیش باس لە تاوانی تێرۆریزم ناکات. بەڵام یاسای تاوان باس لە ئەو کردەوانە دەکات کە ئەمنیەتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە مەترسی دەخات. هەربۆیە ڕاگرتنی بێ کۆتایی وەلید یونس ئەحمەد بە بێ ئەوەی کە هیوای تاوانبار کردنی یان دادگایی کردنی هەبێت پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسای نێونەتەوەییە.

نوێنەرانی لێبوردنی نێونەتەوەیی وەلید یونس ئەحمەدیان لە مانگی جون دا لە زیندان دا بینی. ئەو گوتی کە زۆر ئەمەگناسی کەمپەینێک لە لایەن لێبوردنی نێونەتەوەیی و ئەندامەکانی بۆ ئەو دەکات چونکە ئەم کەمپەینە کاریگەریەکی زۆر باشی دەبێت و لە باری ڕۆحیەوە یارمەتی زۆری دەدات و هیواکانی هەروەها زیندوو دەمێنێتەوە کە لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازاد بکرێت.

وەلید یونس ئەحمەد یەکێک لەو هەزاران خەڵکەیە کە بە بێ تاوانبار کران یان دادگایی کران بۆ ساڵانی زۆر لە زیندانەکانی ئێراق دان.